پزیشکیان پیرۆزبایی لە هاوتا نوێی لوبنانییەکەی جۆزێف عەون دەکات

مەسعود پزیشکیان، سەرۆک کۆماری ئێران ئەمڕۆ هێینی پیرۆزبایی لە هاوتا نوێی لوبنانییەکەی جۆزێف عەون کرد و جەختی لێوەکردەوە کە بە یەکگرتویی بەسەر ئیسرائیلدا زاڵ دەبن.

مەسعود پزیشکیان نامەیەکی ئاڕاستەی جۆزێف عەون، سەرۆکی نوێی لوبنان کرد کە لە لایەن پەرلەمانی وڵاتەکەوە وەک سەرۆکی کۆماری لوبنان هەڵبژێردرا، وتی، "گومانی تێدا نییە کە بەهێزکردنی سەقامگیری و یەکگرتویی دەبێتە هۆی تێپەڕاندنی تەماحی دوژمنی زایۆنیستی لە خاکی لوبنان ".
پێشتر وەزارەتی دەرەوەی ئێران پێشوازی لە هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی لوبنان کردبو، جەختی کردەوە لەسەر بەرژەوەندی هاوبەشەکانی نێوان هەردو وڵات.
بایەزخانەی ئێران لە لوبنان پێستک لەسەر پلاتفۆرمی "X" بڵاوکردەوە و نوسیویەتی، "پیرۆزبایی لە لوبنانی برای دەکەین بەبۆنەی هەڵبژاردنی ژەنەرال جۆزێف عەون وەک سەرۆکی کۆمار و چاوەڕوانی هاوکاری لە بوارە جیاجیاکان دەکەین بە شێوەیەک کە خزمەت بکات بەرژەوەندی هاوبەشی هەردو وڵاتەکەمان".